# هەرکەسانێک لە دانیشتنێکدا دابنیشن ولەو شوێنەدا یادی خودا نەکەن، ئەوا وەکو ئەوە وایە لەسەر سفرەی لاکی گوێدرێژی تۆپیو هەستا بن، و (لە ڕۆژی قیامەتدا) پەشیمانی وحەسرەت بۆ ئەوانە

لە ئەبی هوڕەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت:
«هەرکەسانێک لە دانیشتنێکدا دابنیشن ولەو شوێنەدا یادی خودا نەکەن، ئەوا وەکو ئەوە وایە لەسەر سفرەی لاکی گوێدرێژی تۆپیو هەستا بن، و (لە ڕۆژی قیامەتدا) پەشیمانی وحەسرەت بۆ ئەوانە».
[سەحیح - ڕاست)] [(أبو داود) ڕیوایەتی کردووە)]

پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- ڕایدەگەیەنێت کە هەر کۆمەڵە کەسێك لە دانیشتنێکدا بن پاشان هەستن ویادی خودا نەکەن تێیدا؛ ئەوا وەکو ئەوە وایە لەسەر لاکی گوێدرێژی تۆپیو هەستا بن کە چەندێك پیس وبۆگەنە، چونکە بەهۆی قسەکردنەوە سەرقاڵ بوون ویادی الله یان نەکرد، وئەو دانیشتنە دەبێتە هۆی دڵتەنگی ودۆڕان ویەشیمانیەکی بەردەوام لە ڕۆژی قیامەتدا.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3910